# بڕووخێ دەستوور، بڕووخێ عیراق، نا بۆ سازشکاریی سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستان

**ئەمجەد شاکەلی**

مەسعوود بارزانی، وەک سەرۆکی شاندی کوردستان، پێش چوونی بۆ بەغدا بۆ دانوستاندنی دەستووری عیراق، زۆر بە توندی و ڕاشکاوانە و گەرم دەپەیڤی و پێی لە سەر تەواوی خواستەکانی خەڵکی کوردستان دادەگرت و سوور بوو لە سەر گەیاندنی ئەو پەیامە بە لایەنە عیراقییەکان و هەرگیز بە لای ئەوەدا نەدەچوو، کە دەستبەرداری گچکەترین خواستی گەلی کوردستان بێت. خەڵک هەموو پێیانوابوو ئەگەر هیوایەک هەبێت بە چەسپاندنی هەموو ویست و خواستەکانی گەلی کوردستان لەو دەستوورەدا، ئەوا مەسعوود بارزانی ئەو هیوایەیە. خەڵک پێیانوابوو مەسعوود بارزانی لە بەغدا شێر بە گوێ دەگرێت و ئەوەی کورد دەیەوێت ئەو بە سەر هەموو عیراقییەکانیدا دەسەپێنێت و لە هیچ شتێکی کورد نایەتە خوارێ و ملکەچی هیچ گوشار و سازشێکیش نابێت، لێ وەها دەرنەچوو. مەسعوود بارزانی لەوەتی چووەتە بەغدا، یەک شتی بۆ گەلی کوردستان نەگوتووە و متەقی لە خۆ بڕیوە.

*****

سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستان هێندە گرێدراوی ئەمەریکان و لە خزمەت ئەمەریکادان، تاکە یەک هەنگاویان بێ ئەمەریکا نەتوانیوە و ناتوانن بنێن. بە هیچ جۆرێک و لە 1991ەوە، کە ئیدی ئەمەریکا، ئەو چەترەی بۆ ئەو لەتەکوردستانە هەڵداوە، کە بووە بە خێر و بەرەکەت بۆ سەرانی کورد، نەک بۆ هەموو گەلی کورد، سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستان هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیتوانیوە بۆ هیچ شتێک دەنگی بە ڕووی ئەمەریکادا بڵندکاتەوە و لە کاتی پێویستدا، کە زۆرجاران پێویست بووە، بڵێ نا. ئەمەریکا هەمیشە تەواوی ئەوەی ویستوویەتیی بە سەر سەرکردیەتیی کوردستاندا سەپاندوویەتی و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە بە سەر خەڵکی دیکەیشیدا سەپاندووە. سەرانی کورد داردەستی ئەمەریکا بوونە لە تەواوی پرۆسەی سیاسیی دوای ڕووخانی بەعس لە عیراقدا و ئەوان جێبەجێکەری هەموو پرۆژە و نەخشەکانی ئەمەریکان لەو دەڤەرەی خۆرهەڵاتی ناویندا.

*****

گوتەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێ:"کەژ ژان گرتی مشکێکی بوو". وا بۆ دووساڵ و نیوێک دەچێت بەعس ڕووخاوە و عیراقییان و سەرانی کوردیش وەک پاشکۆی ئەوان و لە پشتی هەموشیانەوە ئەمەریکاییەکان باسی داڕشتنی دەستوور دەکەن بۆ عیراق. چەند حەفتەیەکیشە جڤین و گفتوگۆ و شەو و ڕۆژ بەدەمیەکەوەدان و نەنووستن و هەزار دەردە سەری دیکە، تا ئەوەی گەیشتنە داڕشتنی دەستوور و بە گوتەی بەشداربووانی کۆمیتەی داڕشتنی دەستوور

و سەرکردەیەتیی پەرلەمانی عیراق و بەرپرسان، ئیدی پێکهاتوون و هەموو لایەنەکان پێی قایل بوون. کۆمیتەی داڕشتنی دەستوور و پەرلەمانی عیراق و سەرانی کورد و شیعە و سوننە، پاش هەموو ئەو ماوە درێژەی ژانگرتنە، مشکیان بوو!

*****

دەستوورێک ئەگەر کێشەی کەرکووک و مووسڵ و خانەقین و مەندەلی و بەدرەی کوردستان دوا بخات بۆ کۆتایی ساڵی 2007 و سنووری باشووری کوردستان بێ دیاریکردن و ددانپێدانان بهێڵێتەوە و لە ژێر لێوەوە نێوی فیدرالی ببات و باسی مافی چارەنووسی کوردستان نەکات، دەبێ ئەمە چ دەستوورێک بێت بۆ کورد! پرسی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەی وەک کەرکووک لە 1970 دوا دەخرێت تا بەو ڕەوشەی ئێستا گەیشت. سەرانی کورد دەبوو شەرمیان بە خۆ هاتبا، کاتێک گوێیان لە وشەی "دواخستن" دەبوو و دەبێ و بە سەر زاریاندا دەهات و دێت. ئەو جوولەکە داگیرکارانەی، کە ئەوڕۆ لە دەڤەرە داگیرکراوەکانی غەززە و لە خاکی فلستینییەکان بە تۆبزی و هەڕەشە و پاڵپێوەنان وەدەردەنرێن، ئەوانیش هێندەی عەرەبی عەرەباندن و داگیرکارانی کەرکووک لە غەززە ژیاون. زۆرینەی عەرەبی کەرکووکیش هەر سی و سیوپێنج ساڵێکە خاکی کەرکووکیان داگیر کردووە و جوولەکەکانیش هەر هێندەیە لە غەززەن. گێڕانەوەی کورد بۆ سەر زێدی خۆی و نەهێشتنی داگیرکاری و وەدەرنانی عەرەب لە کەرکووک و گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانی کەرکووک دەبێ وەک وەدەرنانی ئەو جوولەکانەی غەززە ئەنجام بدرێت. سەرانی کورد دەبوو چاوێکیان لەو دیمەنەی غەززە کردبا و ئەودەمی لەخۆیان پرسیبا: بۆ بکرێت جوولەکەی داگیرکار بەو شێوەیە وەدەرنرێت و نەکرێت عەرەبی داگیرکار بە جۆرە وەدەرنرێت، مەگەر هەردوو هەر داگیرکار نین! ئەدی دواخستنی پرسی کەرکووک بۆ کۆتایی 2007 چ دەگەیەنێت و تا کەی ئەم دواخستنانە و بۆ دەبێ هەمیشە پرسەکانی کورد دوا بخرێن!

*****

ئەوە چ دەستوورێکە تازەبەتازە زمانی کوردیی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا بکاتە فەرمی لە کوردستاندا و لە عیراقدا. لە سەردەمی بەعس و سەددام حوسەینیشدا زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا فەرمی بوو، لێ کێ گوێی پێ دەدا و کێ جێبەجێی دەکرد! ئەی ئەوە چ دەستوورێکە سامانی سروشتی و کانزاکان هەموو بۆ حوکوومەتی نێوند بێت لە بەغدا و بە گوێرەی ژمارە و ڕێژەی دانیشتووانی ئوستانەکان وەک یەک دابەش بکرێت بە سەر هەموو عیراقدا! دەبێ کورد چ خێرێک لەوە ببینێت!

*****

هەرچی مافی چارەنووسیشە، ئەگەر گەلی کوردستان لە کاتی پێشێلکردنی هەندێک قانوون و پێکهاتنی کورد و حوکوومەتی عیراقدا بۆی هەبێت باس لە مافی چارەنووس بکات، کە لە دەستوورەکەشدا ڕێکوڕەوان ئەوە ناگوترێ و خۆ لە قەرەی وەها باسێک نادرێت و تەنێ باس لەوە دەکرێت، کە گەلی کوردستان بۆی هەیە بڕیارێکی دیکە بدات، ئەی بۆ وەک مافێکی ڕەوای هەموو گەل و نەتەوەیەک لە هەموو کاتێکدا و هەر کاتێک بیەوێت و لە ناخۆشی و خۆشیشدا مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و جیابوونەوەی لە عیراق نەبێت! عیراقییەکان هەرگیز بیرکردنەوەیەکی لەو جۆرە بە خەیاڵیش بەلای مێشکیاندا ناڕوات و نایانەوێت بیژنەفن.

*****

ئەگەر دارشتنی دەستوور بە شێوەیەکی دیموکراتی بەڕێوە دەچێت و عیراقییەکان بۆ خۆیان دایدەڕێژن، وەک سەرانی عیراق و کوردستان بانگاشەی بۆ دەکەن، ئیدی زالمای خەلیلزادی باڵیۆزی ئەمەریکا لەو جڤینانەدا چ دەکات! ئەگەر جاروبار یەکێک لە عیراقی یا لە کوردان بەشداریی هەندێ لەو جڤین و قسەوباسانە ناکەن و دوور دەکەونەوە، ئەوا خەلیلزاد هەمیشە گوڵی مەجلیسە و لەوێ ئامادەیە و هەرگیز یەک خولکەیش لەو جڤینانە دوور ناکەوێتەوە. ئەگەر تەواوی دەستوور و هەموو شتەکانی دیکەش ئیملای ئەمەریکا نییە و خەلیلزاد تەنێ وەک ڕاوێژکار و هاریکارێک لەو جڤینانەدایە، ئەدی بۆ کەسێک یا کەسانێکی شارەزا و لێزان و ڕاوێژکار و هاریکاری، فرانسی، ئەڵمانی، چینی، ڕووسی، ژاپۆنی، کەنەدایی، هیندوستانی یا هی وڵاتێکی دیکەی لێ نییە و تەنێ خەلیلزادی ئەمەریکای لێیە!

*****

ئەوەی مرۆڤ لە سوننە و شیعە و ئاشووری و تورکمان و ئەوانی دیکەی دەبینێت، وەک بەراوردێک لەگەڵ قسە و هەڵوێستی سەرانی کورد، ئەوەی ئەوان دەیڵێن و دەیکەن و ئاشکرای دەکەن، گەلێک لە گوتار و کردار و هەڵوێستی سەرانی کورد بوێرانەتر و ڕوونترە. ئەوان، کە دژن ڕێکوڕەوان دژن و کە لەگەڵیشن ڕێکوڕەوان لەگەڵن. ئەو منجەمنج و خاوی و سستییەی سەرانی کورد دەینوێنن و دەیکەن، کەمتر لەکن ئەوان وەدی دەکرێت و ئەوان لە بڕیاردا گورجوگۆڵترن. پێموایە هۆی ئەوەش هەر ئەوە بێت، کە ئەوان کەمتر گوێڕایەڵی ئەمەریکان و دەتوانن بڵێن: نا.

*****

من لە سەرانی کورد تێناگەم، کە بۆ هێندە بەتەنگ یەکیەتیی عیراقەوەن و ئەو عیراقە چ پیرۆزییەکی بۆ گەلی کوردستان هەیە و بۆچی زۆرینەی وڵاتانی جیهان هەر لە ئیمپراتۆریای سۆڤیێتەوە بیگەرە تا دەگاتە چیکۆسلاڤاکیا و یۆگوسلاڤیا و دەیان وڵاتی دیکە، هەموو بەشبەش کران، بۆ ئەم عیراقە بەشبەش نەکرێت!. سەرانی کوردن، کە یەکیەتیی عیراق دەپارێزن و عیراق چێ دەکەنەوە، دەنا شیعە و سوننە و تورکمان و ئاشووری و کلدان و ئەرمەنی و سابیئە و ئەوانی دیکەش هیچیان لەگەڵ یەکدیدا نایانکرێت و ئەگەر سەرانی کورد ئەو یەکیەتییە فشۆڵەیان نەپارێزن و داکۆکیی لێ نەکەن، ئەوا هەموو وەک تەزبێحی دەزووبچڕاو لەبەریەک هەڵدەوەشێنەوە. دەبا هەڵوەشێنەوە.

*****

کاتی هەڵبژاردنی مانگی یەکی 2005 و دەنگدان بۆ پەرلەمانی عیراق و کوردستان، من بۆ خۆم لەگەڵ نەبووم و دژی هەڵبژاردن و دەنگدان بووم. ئێستاش پێموایە هیچ نەگۆڕاوە و ئەگەر گۆڕابێتیش بەرەو باشتر نەچووە، بۆیە ئێستاش دژی دەستوور و دژی یەکیەتیی خاکی عیراق و دژی عیراقییەتیم. با سەرانی کوردیش بگەڕێنەوە بۆ خەڵکی کورد و گوێڕادێرن بزانن خەڵکی کورد چی دەوێ و پرس بە خەڵکی کورد بکەن لە هەموو کارێکی دەیکەن و هەموو هەنگاوێکی دەێنێن و هەموو بڕیارێکی دەیدەن. من لەگەڵ یەک هەڵبژاردندام ئەویش هەڵبژاردنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان و جودابوونەوەی لە عیراق و لەگەڵ یەک دەستووریشدام ئەویش دەستووری کوردستان خۆی.

2005/8/22